# دووبارەکردنەوەی هەڵەیەکی ترسناک

دکتۆر توانا سلێمان مەجید

لەپاش کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەم و هەرەسی دەوڵەتی عوسمانی، کورد زووربەی هەرە زۆری ناوچەکانی باکوور و باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانی لەژێر کۆنترۆڵدابوو. بەپێی پەیمانی سیڤەر کە لەساڵی ١٩٢٠دا مۆرکرا، ئەم ناوچانە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بەناوی کوردستانەوە پێکدەهێنا، گەر گەلی کورد خوازیاری ئەم داواکاریە ببوایە(١)!

لە ساڵی ١٩١٨دا، تورکە ناسیۆنالیستەکان بەسەرکردایەتی کەمال ئەتاتورک، لەدژی عەبدولمەجیدی ٢، دوا سوڵتانی عوسمانی و هاوپەیمانەکان ڕاپەڕین. ئەتاتورک توانی هەندێک لە کوردەکانی ئەوناوچانەی کەتازە لە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عوسمانی ڕزگاربووبوون، نەک هەر تەنها بکاتە هاوپەیمانی خۆی، بەڵکو لە بەرەکانی جەنگ، دژی سووپای سوڵتان و هاوپەیمانەکان و لە پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتی نوێی تورکیادا، بەکاریان بهێنێ. لە گەڵ ئەوەشدا، زوورایەتی گەلی کوردستان بە پلانی تورکە ناسیۆنالیستەکان هەڵنەخەڵەتان و لەدژیان جوامێرانە ڕاپەڕین. شۆڕشەکانی کۆچگیری لە ساڵی ١٩٢٠دا، نموونەی بەرجەستەی ئەم ڕاستییەن.

ئەتاتورک لەسەرەتادا، هەمیشە لەسەر ئەوە جەختی دەکرد، کەگوایە کورد و تورک هاوخەباتن و هەمیشە وەک دوو گەلی برا پێکەوە ژیاون(٢)! لەگوولانی ١٩٢٠دا، و لەیەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمانی تورکیای نوێدا، ئەتاتورک تەنانەت پێشبینی ئەوەی دەکرد کە گەلی کورد لەوناوچانەی کە زۆرایەتی پێکدەهێنن، مافی ئۆتۆنۆمیان پێبدرێت(٣)! کەچی هەر تەنها پاش پێنج ساڵ بەسەر بەڵێنەکانیدا، ئەتاتورک و ناسیۆنالیستەکان نەک هەر لە بەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی سیستماتیک پرۆسەی جینۆسایدکردنی گەلی کوردیان دەستپێکرد!

عیسمەت ئینوونوو، کە بوو بە میراتگەری ئەتاتورک، لە ساڵی ١٩٢٥دا زۆر بە ڕاشکاوی، هەڵوێستی ڕاستەقینەی دەوڵەتی تورکیای جاڕدا: "ئێمە لەڕاستیدا ناسیۆنالیستین، و ناسیۆنالیسم بەیەکەوە گرێمان دەدات. توخمەکانی تری کۆمەڵگا، لەهەمبەر زۆرایەتی تورکدا، هیچ کاریگەرییەکیان نابێت. ئێمە دەبێت هەموو دانیشتوانی ئەم سەرزەمینە، بە هەر نرخێک بێت، بەتورک بکەین، و ئەوەی لە دژی ئەم پلانە ڕابوەستێت، لە ڕەگ و ڕیشە دەری دەهێنین."(٤)

ئیمڕۆ باشووری کوردستان وولآتێکی سەربەخۆیە، نەک هەر هیچ پەیوەندیەکی سیاسی، و ئابووری، و کۆمەڵایەتی و کەلتووری بە کۆنە دەولەتی داگیرکەری عیراقییەوە نەماوە، بەڵکو لەڕاستیدا دەولەتی عێراق لەڕووی تەکنیکیەوە نەماوە.

بەشداریکردنی گەلی باشووری کوردستان لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقدا، بەشداریکردنە لە دروستکردنەوەی ئەو عێراقەی کە ٨٥ ساڵ گەلی باشووری کوردستانی جینۆساید دەکرد. ئەم جارە بەشداربووان بە وویست و خواستی خۆیان باشووری کوردستان دەلکێننەوە بەو وولآتەی ٨٥ ساڵ لەگەڵ مرۆڤی کورددا وەک کۆیلە مامەلەی دەکرد. مرۆڤی کورد لە کۆمەڵگای عێراقیدا نەک هەر وەکو هاونیشتیمانیەک تەماشا نەدەکرا، بەڵکو هەمیشە وەک دووژمن و ستوونی پێنچ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.

لە وولآتانی دیموکراتیکدا، یاخود لەو ولآتانەی کە خوازیارن ببنە بەشێک لە جیهانی دیموکراتیک، بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان، ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی بەشداری هەڵبژاردنی گشتی دەکەن، مانیفێستۆی خۆیان بلآودەکەنەوە. لەم مانیفێستۆیەدا هێلی سەرەکی و بەرنامەی سیاسی خۆیان بۆ جەماوەر ئاشکرادەکەن. کەچی ئەمڕۆ نە لە کۆنە دەولەتی عێراق و نە لە باشووری کوردستان، هیچ حیزبێک و لیستێکی بەشداربوو لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانیدا، جگە لە کۆمەڵێک درووشمی سوواو، کە ڕۆژانە لە ڕادیۆ و کەناڵە ئاسمانییەکانیانەوە گوێی جەماوەری پێ دەسمن، هیچ مانیفێستۆیەکیان بلآو نەکردۆتەوە!

ئەی نابێ گەلی باشووری کوردستان بزانن ئەو حیزب و لیستە عەرەبیانە لەکوێدا و چۆن باسی مافەکانیان دەکەن؟ ئەی نابێ بزانن ئەو حیزب و لیستە کوردیانە، لەو عێراقە نوێیەی کە ئەوان هەوڵ دەدەن باشووری کوردستانی پێوە بلکێننەوە، چۆن داکۆکی لە مافەکانیان دەکەن؟ سەیر لەوەدایە، کەدەنگ بۆ لیست نەک بۆ تاکی حیزبەکان دەدرێت! بەلآم لەوەش سەمەرەتر ئەوەیە، ئەم لیستانە لەسەر بنچینەی بەرنامەیەکی سیاسی ڕوون و ئاشکرا پێکنەهاتوون، بەڵکو لەسەر بنەمای ڕەگەز و ئاین و مەزهەب هاوکاری دەکەن! بۆ نموونە، دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە پێیدەگووترا عێراق، بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەنگنادەن! یاخود شیعە مەزهەبەکان بۆ سوونەکان دەنگنادەن!

گەر گریمان ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان پێنچ ملیۆن، و ژمارەی دانیشتوانی کۆنە دەولەتی عێراقیش ٢٧ ملیۆن بێت(٥)، و گەر باشووری کوردستان بە کۆنە دەولەتی عێراقیەوە بلکێنینەوە، ئەوا ڕێژەی کورد ١٨،٥% ی کۆی دانیشتوانی پێکدەهێنێت. گەر ١٠٠% دانیشتوانی باشووری کوردستان دەنگ بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان بدەن، و ئەم دەنگدانە زۆر پاک و پووخت و بێ هیچ فڕ و فێڵێک بێت، ئەوا ئەو لیستە ١٨،٥% ی کورسیەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقیان پێدەبرێت. دەرئەنجام لەکۆی ٢٧٥ نوێنەر، گەلی باشووری کوردستان تەنها ٥٠ نوێنەری لەم ئەنجوومەنەدا دەبێت! بەواتا، گەلی باشووری کوردستان، لەکاتێکدا کە زۆرایەتییە لە وولآتەکەی خۆیدا، لەم عێراقە نوێیەدا، هەر وەک چۆن لە عێراقی کۆندا، بەکەمایەتی دەمێنێتەوە!

لای هەمووان ئاشکرایە، کە چۆن ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە داگیرکەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، پشتگیری سیاسی و ئابووری و سەربازی عەرەبە شیعەکانی کۆنە دەوڵەتی عێراق دەکات. بە هەمان شێوە، کە چۆن ڕژێمی بەعسی سووریا، کە داگیرکەری ڕۆژئاوای کوردستانە، پشتگیری سیاسی و ئابووری و سەربازی عەرەبە سووننەکانی کۆنە دەوڵەتی عێراق دەکات. دەشێت گەلی باشووری کوردستان باوەڕ بەوە بهێنن، لە کاتێکدا کە لەم عێراقە نوێیەدا کەمایەتی دەبن، نوێنەرانی عەرەبی هەردوو مەزهەب، لە دژی مافە ڕەواکانیان زۆر دڕندانە ڕاناوەستن؟ دەشێت گەلی باشووری کوردستان باوەڕ بەوە بهێنن کە کە نوێنەرانی عەرەبی هەردوو مەزهەب، تەنها بۆ دژایەتی کردنی مافە ڕەواکانیان، هاوسەنگەر نابن؟

ئەوانەی کە بەنیازن بەشداری لەم هەڵبژاردنە و لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی عەرەبی عێراقەوە بکەن، دەبێت لە ئاستی مێژوودا هەڵوێستەیەک بکەن و هەندێک

بەڕابووردوودا بچنەوە. هیچ مەرج نییە ئەوەی ئەمڕۆ بەرژەوەندی حیزبەکانی باشووری کوردستانە، بەتایبەتی دوو زلحیزبەکە، بەرژەوەندی سەرجەمی گەلی کوردستان بێت!

ڕووداوەکانی ١٤ ساڵی ڕابوردوو، ووانە و ئەزموونی زۆر بە نرخن و دەشێت زۆری لێوە فێرببین. ئەمڕۆ گەلی باشووری کوردستان لەسەر دووڕیانی مێژوودایە، زۆر نەنگە پاش ٨٥ ساڵ هەمان هەڵە دووبارە بکەینەوە! گەر ئەم جارەش چارەنووسمان بەهەمان ئاکام بگەێنینەوە، ئەوا تاوانەکەی تەنها لە ئەستۆی خۆمانە و ناتوانین گازەندە لە کەس بکەین.

***"لە نێوان شەڕ و ئاشتیدا، ئاشتی هەڵدەبژێرم***
***بەڵام لە نێوان کۆیلایەتی و شەڕدا، شەڕ هەڵدەبژێرم"***

*نیلسن ماندێلا*

---

(١) دەیڤید مەکدواڵ، "کێشەی کورد"، ل١٧.

(٢) جمهوور کەسکین، "سیاسەتی تورکیا لەدژی کورد و ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی"، ل ٥٢-٥٤.

(٣) موستەفا کەمال، پەیڤینەکانی ئاسکیشار – ئیزمیت، (١٩٩٣)، ل ١٠٤-١٠٥.

(٤) بیلال شمشیر، "کێشەی کورد" لە بەڵگەنامەکانی بریتانیا دا، (١٩٩١)، ل ٥٨.

(٥) ئەمە ژمارانە تەنها بۆ مەبەستی ووتارەکە بەکارهێنراون. تا ئەم ساتە هیچ ئامارێکی ووردی باوەڕپێکراو لەسەر کۆی دانیشتوانی باشووری کوردستان و کۆنە دەوڵەتی عێراق نییە. بەتایبەتی، تا ئەم ساتە کەس نازانێ ناوچە بەعەرەبکراوەکانی کەرکووك و خانەقین و مەندەلی و ژەنگار و دەیان ناوچەی تری باشووری کوردستان لەسەر کوێیە؟